ڕکخراوی لێبوردەیی نێودەوڵەتی لە ساڵڕۆژی مەرگی ژینا ئەمینی پەیامێکی بڵاوکردەوە

ڕکخراوی لێبوردەیی نێودەوڵەتی لە ساڵیادی کەچی دوایی ژینا ئەمینی، پەیامێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ڕایگەیاند، "لە یەکەمین ساڵیادی ڕاپەڕینی ژن ژیان ئازادی، ڕکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات کە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی ئێران سزا بدرێت بەهۆی ئەو تاوانانەی کە بەپێی لێلایەن هەڵە ئەمنی و هەواڵگرییەکانی ئێرانەوە ئەنجامدراون".

لە شازدەی ئەیلولی 2022، ژینا ئەمینی کچە کوردەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە نەخۆشخانەیەک لە تاڕانی پایتەختی ئێران، لەژێر هەڵوەرجەکی گومانماوی مرد.

پۆلیسی بەسیج، کە پۆلیسی ئەخلاقی ئایینی حکومەتی ئێران ناسراوە، ژینای دەستگیر کرد بەهۆی ئەوەی بەگوێرەی ستانداردەکانی حکومەت لەچکی لەسەر نەکردبوو. فەرماندەیی جێبەجێکردنی یاسای ئێران لەم بارەیەوە ڕایگەیاند، کە پێش ئەوەی ژینا بگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە، لە وەستگەی پۆلیس تووشی جەڵتەی دڵ بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، شایەتحاڵان، لەنەویاندا ئەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ ژینا دەستگیرکرابوون، بەگوێرەی بە میدیاکانیان ڕاگەیاند، کە ژیان بە تووندی لێیدرا و بەهۆی تووندوتیژیی پۆلیسەوە گیانی لەدەستدا.